ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
23-4-2007 20:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لە کوردستاندا جل و بەرگی ژن تەعریب ئەکرێ ... ڕووناک شوانی

نەنکم شۆخە ژنێکی کورد بوو، جل و بەرگی ناسک و ئاڵ والآی کوردی لەبەر دەکرد، سەر و بەستێکی کوردەواری شیرینی دەبەست، ژێر گەردەنەیەکی پیرۆزەیی دەوری گەردنی دەڕازاندەوە، بۆنی سمڵ ومێخەکەکەی خەم ڕەوێنی دڵی خەمباران بوو. هەرگیز عەبام بەسەر نەنکمەوە نەبینیبوو ئەو وێڕای ئەوەی حەزی لە ڕەنگی ڕەش نەبوو عەبای بەلاوە شتێکی ناشیرین بوو. ئەو ئەیووت ئاخر کورد کەی عەبای هەبووە؟؟ یادی بەخێر.



ئەمرۆ کاتێ کە بە ناو بازاڕی شارەکانی کوردستاندا تێدەپەڕی یان سەر بە فەرمانگە و خوێندنگە و زانکۆکاندا دەکەیت هەست ناکەی لە کوردستانەکەی نەنەی وا ئەزانیت لە سعودیە و جەزیرەی عەرەبیت، دامەن و مانتۆکانی کە لە داهێنانی جمهوری ئیسلامین هێندە شۆڕن نازانم ئەو خانمەیلە چۆن هەنگاو هەڵئەهێن. لە هەندێ شوێندا و بە تایبەت لە شاری کەرکووکدا بۆ دەرمانیش لە بازاڕەکاندا قژێکی پەخش و پەرێشانت بەرچاو ناکەوێ هەمووی لە ژێر لەچکی توند و تۆڵدا شاردراوەتەوە.

لە هەموو بازاڕێکدا لە هەولێر و سلێمانی گوزەرێکی تایبەت بۆ حیجاب و لەچک و سەرپۆش بەمودێل و ڕەنگی جۆراو جۆرەوە هەیە لە لایەکی تریشەوە مانتۆی ئێرانی و هاشمییەی عەرەبی نمایش کراوە. لە قەیسەری دێرینی کەرکووک لە گوزەرێکدا هێندەی جل و بەرگی ناوچەی کەنداو بە باڵای بۆدییەکاندا شۆڕ بوونەتەوە ئەوەی بەو شوێنەدا تێدەپەڕێت وا دەزانێت لە دوبەی و کوێتدایە. تەنانەت مودێلی ئێکسسوار و زێریش تەعریب کراوە شمشێر و خەنجەر و پشتوێنی لیرە بە ڕەنگی زەق و نەخش و نیگاری عەرەبی لە جامخانەی زێڕینگەرەکاندا نمایش کراون، چونکە کراسی هاشمییەی عەرەبی ئەبێ بە زێڕ و ملوانکەی عەرەبیش بڕازێتەوە!!! دیارە هەموو مرۆڤێک ئازادە لە جل وبەرگ پۆشیندا بەڵام ئەمە ئازادی جل پۆشین نییە ئەمە هەڵمەتێکی تەعریبکردنە لە شێوەیەکی تر و بەبێ ئەوەی هەست بە خۆمان بکەین بەڵام ئەمجارە ژنان کراون بە ئامانج ئاشکرایشە کە ڕێکخراوە ئیسلامییەکانیش ڕۆڵی باڵایان هەیە. بەداخەوە ڕێکخراوەکانی ژنان لە جێگەی ئەوەی دەوری خۆیان ببینن بۆ هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و بەتایبەت ژنان بۆهەڵکشانی ئەم دیاردەیە و ئامانجە شاراوەکانی، خۆیان مودێلی تازە بۆ سەرپۆش دائەهێنن وهەرجارەی بە مودێلێکەوە دێنە کۆنگرە و کۆنفرانس و چاوپێکەوتنەکانیان. گەر ژن ئەمرۆ ئازادی جل و بەرگ پۆشین بۆ خۆی هەڵنەبژێرێ؟؟ لە ڕووی ئەو هەڵمەتە دژ بە ئازادییە هەڵوێست نەگرێ؟؟ لە ترسی عەیبە و قسەی خەڵکی هەر ڕۆژەی چەند سانتیمیترێک دامەنەکەی شۆڕتر و لەچکەکەی توندتر بکاتەوە؟؟ ئایا لەوە ناترسێ هێندەی تر بخزێنرێتە کونجی ماڵەوە و شمشێرەکانی لێ تیژتر بکرێنەوە؟؟

runakshwani@yahoo. com
2007/04/20
ستۆکهۆڵم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.